د.سەلاح محەممەد عەزیز- سەرۆکی ڕێکخراوی ASK:

سیستمی دیموکراتی ناتوانێت تەکان بداتو پێشبکەوێت ئەگەر مۆنۆپۆلکردن هەبێت

ڕێکخراوی کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد ASK، ڕێکخراوێکی ئینتەرناشنالەو ساڵی (١٩٩٧) دامەزراوەو ئۆفیسی سەرەکی لەشاری تالاهاسی پایتەختی وڵایەتی فلۆریدایە. لەعێراقیشدا ئۆفیسی سەرەکی ڕێکخراوەکە لەشاری هەولێرە. ئەندامانی بۆردی ڕێکخراوەکە لە (٩) کەسی ئەمریکی پێک دێت کەهەموویان مامۆستای زانکۆن. (د.سەلاح محەممەد عەزیز) کەکوردێکی خەڵکی باشووری کوردستانە، سەرۆکی ڕێکخراوەکەیە.

ڕێکخراوی ASK لەبوارە جیاکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای مەدەنی کار دەکا، دوایین پرۆژەشیان سازدانی کۆنفرانسێکە لەبارەی (بازاری ئازادو سیستمی دیموکراسی) کە بەهاوکاری ڕێکخراوی فریاکەوتنی میللی (PAO) پێی هەڵدەستن. بۆ ئەم مەبەستە بەچاکمان زانی دیدو سەرنجی (د.سەلاح عەزیز)ی سەرۆکی ڕێکخراوەکە وەربگرین، کەبەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامی پرسیارەکانی دایناوە:

*** گرنگی ئەو کۆنگرەیە لەچیدا دەبینن؟ ئامانج لەگێڕدانی ئەو کۆنگرەیە چییە؟**

– ئەو کۆنگرەیە چەند ئامانجی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی هەیە، ئامانجی ڕاستەوخۆ، بەو مانایەی ئێمە باسی پرسێکی گرنگو هەستیار دەکەین، ئەویش بازاڕی ئازادە، لەسەروبەندی نووسینەوەی دەشنووسی دەستووری هەمیشەیی عێراق، هاوکات کە عێراق داوا دەکات ببێت بەئەندامی (ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی) کە هەردووکیان داوای ئەوە دەکەن سیستمێکی ئابووری بنیاد بنرێت لەو وڵاتەی کە دەیەوێت ببێت بەئەندام لەو ڕێکخراوە. جگە لەوە، پێشکەوتن و گۆڕانێکی ئابووری لەکوردستان بەدی دەکەین، هاوکات خەڵکێکی زۆریش هەیە دەیەوێت سەرمایەگوزاری لەکوردستان بەگەڕ بخات. دیارە پێشکەوتنی ئابووریو سەرمایەگوزاریو وەبەرهێنان پێویستی بەیاسا هەیە، هەروەها تێگەیشتنی بازاری ئازاد پێویستە بەشێوەیەک کە لەوڵاتانی دیکەی جیهانی بەکار هێنراوە. هەروەها ئێمە لەو کۆنگرەیە ئوێنەری حکومەتو پەرلەمان لەگەڵ بازاڕ کۆدەکەینەوە بۆ ئەوەی کەهەر سێ لایەن بتوانن لەیەکتری بگەن و تەماسیان هەبێت. ئامانجی ئاراستەوخۆش ئەوەیە کە ئەو کۆنگرەیە ببێت بەهەنگاوێک بۆ تێگەیشتنێکی باشتر چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی و پەرەپێدن و پێشکەوتنی ئابووری و هەروەها ڕۆڵی حکومەت بۆ خزمەتکردنی هاوڵاتیانی کوردستان کە بگاتە ئەو ئامانجە. ئەگەر لەکوردستان کە ئێستا جۆرێک لەئاسایش و ئۆقرەیی تێدا بەرقەرارە، بتوانن بەو ئاراستەیە بڕۆن، ئەگەریکی زۆر هەیە کەکوردستان ببێت بەمۆدێلێکی سەرکەوتوو و تەعمیم بکرێت بەسەر هەموو عێراقدا.

*** ئەگەر سەرنج بدەین لەسەردەمی ڕژێمی ڕابردوو، ئێوەی سیستمی ئابووری دەوڵەت، سەنتێرێک بووە لەنێوان سیستمی سۆسیالیستی و سیستمی کە پێتانی کەدۆخێکی چەقبەستووی دروست کردبوو، بەشێوەیەک هەوڵەکانی سەرەڕۆیی فراوانتر ببوون، هەر لەگەندەڵی و پاوانخوازی و دواتریش لەرزۆک کردن و داڕمانی ئابووری دەوڵەت. ئێوە لەو کۆنگرەیەدا هیچ پێشنیارێکتان نییە بۆ ئەوەی سیستمی ئابووری عێراقی داینێن لەسەر بنەمای بازاری ئازاد بونیاد بنرێت؟**

– سیستمی ڕژێمی بەعسی ڕووخاو لەسەر مەرکەزییەتێکی بەهێز دروست کرابوو کەرتی گشتی و ئەو کۆمپانیایانەی کەدروستیشی کردبوون بەناوی حکومەت دەرکەوت هەموی قەشەڵی هێنا. تێگەیشتنی ڕاست بۆ بازاڕ دەبێت ئیعتماد بکاتە سەر بازاڕ خۆیی، ئەو یاسا نێودەوڵەتیەی لەو دەوڵەتانە بەکارهێنراوە کە پێشکەوتنێکی ئابووری دروستی بنیووە. لەکاتی سەدداموو خێزانی سەدداموو حیزبی بەعس ڕۆڵی حکومەت زۆر زاڵ بوو.

*** ئێوە ئەو پەیوەندییە ئۆرگانییەی نێوان بازاڕی ئازادو دیموکراتیەت چۆن لیکدەدەنەوە؟**

– چەمکی دیموکراتیەت چەمکێکی فراوانو گشتییە. زۆر پەرەسیپو بنەمای جیاواز لەخۆ دەگرێت. ئەوەی کە پەیوەندی هەیە بەبازاڕەوە، بازاڕ دەبێت ئازاد بێت و کێبڕکێیەکی شەریفانەی تێدا بێت. ئەو کێبڕکێیە ڕۆڵێکی ئیجابی دەبینێت لەتەکوینی سەرمایەدارو کارکردن بۆ خەڵکو باشترکردنی جۆرەکان (تحسین النوعیة)و کەمکردنی کولفە. بۆیە ئەگەر تەعەدودییەت لەبازاڕدا نەبێت و یەک لایەن بازاڕ لەبەرژەوەندی خۆی قۆرخ بکات لەو حالەتەدا ئەنموعیەت باش دەبێت، ئەوەی کەئینحتکاری ئەو مەسەلەیە بکات ئەوا بەهەموی خۆی نرخی بۆ دادەنێت. بۆیە سیستمی دیموکراتی ناتوانێت تەکان بدات و پێش بکەوێت ئەگەر مۆنۆپۆلکردن (ئینحتکار) هەبێت. لەبەر ئەوە سیستمی دیموکراتیەت هەوڵو کۆشش دەکات بۆ ئەوەی وەکو مافێکی ساەە هاوڵاتی بتوانێت سامان (ثروة) بۆ خۆی دروست بکات و ئەو مافەش بۆ هەموو کەسێکە، ئینجا ئەگەر ئێمە ئەو مافەمان لابرد ئەوا دیموکراتیەت مەوداکانی بچووک دەبێتەوەو شتێک نامینێت بەناوی بازاڕ.

*** دیارە ئێوە پێتانوایە یەکەم بنەمای بەرچەستەبوونی سیستمی دیموکراتی لەبازاری ئازادەوە دەست پێدەکات، بەڵام ئەگەر ئێمە سەیری واقیعی ئابووری کوردستان بکەین دەبینین بازار بەشێوەیەک لەشێوەکان لەلایەن دەسەڵاتەوە مۆنۆپۆل کراوە مەسازی ئێوە ئەو کۆنگرەیە چی دەبێت؟**

– وەکو گوتم ئەو کۆنگرەیە ئامانجەکەی ڕوونو ئاشکرایەو لەوەوبەر باسمان لێوەکرد. ئێمە دەمانەوێت باسی بازاڕی ئازاد لەسیستمێکی دیموکراسی و پاڕێزراو بکەین. ئەو سیستمە دیموکراتیەی کەئێمە باسی دەکەین لەعێراق دەستوورێکی هەیە، وەکو ئێمە دەزانین زۆر مەسائیلی ژیان دێت باسی ئیعلام دەکات و ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەکۆمەڵگایەکی دیموکراتیکدا کەبازاڕ ئازاد دەبێت. میوانێکی دیکە دەبووایە لەتورکیاوە بێت بەڵام لەمجیاتی ئەو جێگرەکەی بەناوی (شێرکۆ حەوەدت) دێت کەئێستا ڕاوێژکاری (RTI)ەو باسی (مبادیء العمل وحاکمیة القانون) دەکات، هەروەها (سوهەیب بەرزنجی) کە بەپرسی عێراقە لەڕێکخراوی سایپ لەواشنتۆن، مێنیش باسی ئەوە دەکەم کە چۆن پێشکەوتنی ئابووری بەشێکە لەمافی مرۆڤ و ڕۆڵیان لەسیستمی دیموکراتی عێراقی تازەدا.

تائێستا ئاماژەیەکی وام لەلایەن سەرانی ئەمریکیەوە بەدی نەکردووە بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، بەڵام دابەشبوونی عێراق بیرۆکەیەکی کۆنەو تازە نییە

*** ئێوە پێتانوایە ئەحتکار لەکوردستان بەدی دەکەن ئەبازاری ئازاد لەئەو بیبات؟**

– من زانیاریەکی ئەوام نۆکەم نییە لەسەر واقیعی بازاری کوردستان. بازاڕ لەکوردستان شتێکی تازەیە. واتە مەفهومی عەسری بۆ بازاڕ تائێستا لەکوردستان بەتەواوی تێنەگەیشتووین، یان نەگەیشتۆتە خەڵکو حکومەتو پەرلەمان. بۆیە ئەگەر ئێستا ئینحتکاریش هەبێت، لەوانەیە بەهۆقێتی ئینحتکاری کۆن کەلەبازاڕ دەیانگوت مادەیەک نییە، تاجرەکان کۆیان دەکردەوە تاکو نرخەکەی زیاد بێت، بێگومان کاریگەی هەڵمەو بێچارەیی و بێبەستبوون و سەرەڕۆیی و سەئەکاری قۆناغ دەکاتەوە لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیموکراسیەت ئاکۆکی دەبێت.

*** ئێوە کەئەوە ڕادەگەیەنن بۆ حکومەتی هەرێم دەکەنەوە پێتوایە کە حکومەتی هەرێم پێویستی بەمە هەیە بۆ ئێستووی ئەو مەجورە ڕادەگەیەنێ؟**

– وەکو ئێمە تەماسمان لەگەڵیان بەستووەو لەهەڵوێستو لێدوانەکانی کاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەخوێنینەوە دەیانەوێت پێشکەوتنێکی ئابووری لەکوردستاندا بێتە کایەوە، ئێمەش لەسەر ئەو بنەمایە هەوڵیرمان هەڵبژارد کەیەکەم کۆنگرەی ئەم چەشنەی لەسەر ئاستی کوردستان لێ ساز بکرێتو پسپۆڕو شارەزایانی بیانی بهێنین لەسەر چەند بابەتێک کە بحرێنە بەر باسو لێکۆڵینەوە. هیوا خوازین ئەم هەنگاوەی ئێمە چەند هەنگاوێکی دیکەی گرنگتری بەدوا بێت. دیارە ئەوانەی لەو کۆنگرە بەشدار دەبن وەکو لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و نوێنەری حکومەتو چەند وەزارەتێک دیانەوێت سوود لەدیدو بۆچوونەکانی کۆنگرە بکەن بۆ ئەوەی ئەو سیستمەی ئەوان دەیانەوێت لەکوردستان بونیاد بنرێت. هیوا خوازین کۆنگرەیەکی سوودبەخش بێت.

*** دکتۆر لەسەرەتا وابریار بوو ئوێنەری حاکمی وڵایەتی فلۆریدا لەکۆنگرەکەدا ئامادەگی هەبێت هۆکاری ئەهاتنەکەی بۆچی دەگەڕێنەوە؟**

– حاکمی فلۆریدا بۆ ئەو کۆنگرەیە داوەت نەکراوبو، ئوێنەری حاکمی فلۆریدا لەکەرتی تایبەت کەکەرتێکی زۆر گەورەو فراوانە لەفلۆریدا، هەرچی کۆمپانیاو کەرتی گەشتوگوزارییە هەموی دەچێتە ژێر کاریگەری و ڕۆڵی کەرتی تایبەت. ئوێنەرەکەی کە ناوی (کینکۆک سی ئەی) بریاریو کە بێتە کۆنگرە باسی کەرتی تایبەت لەفلۆریداو سیستمی حکومەتی فلۆریدا بکات کە حکومەت ڕۆڵی چییە لەویلایەتێکی ئەمریکی کە ئابوورییەکی زۆر بەهێزی هەیە. بەداخەوە پێش مانگێک کاتێک ئەو تەقینەوەی هەولێر ڕوویدا، لەبەر ئەوەی ئاوبراو کاربەدەستێکی حکومییە پاشگەز بووەوەو داوای لێبووردنی کرد، چونکە ئەوان ڕێگایان پێنادرێت سەفەر بۆ وڵاتێک بکەن کەئاسایشێکی ئەوتۆی تێدا نەبێتو بەتایبەتی ئەگەر مەسەلەیەکی زۆر زەروری نەبێت.

*** ئەی میوانەکانی دیکە کێن؟**

– میوانەکان لەچەند پرۆفیسێرو شارەزاو ئەکادیمیستێکی لیهاتوو پێکدێن. یەکێکیان پرۆفیسۆر (کینت گرێت) کە پرۆفیسۆری ئابوورییە لەزانکۆی فلۆریداو ئێستیبار دەکرێت بەمەرجەعێک لەمەراجعی شەفافیەتو ئەخلاقی بازاڕ. (دۆس گرەیتی) ئەویش لەزانکۆی یەکێتی فلۆریدا دێت کە لەواشنتۆن پۆست نووسەرەو ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە لەوڵاتی ئەمریکا. ئەو باسی ئیعلام دەکات و ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەکۆمەڵگایەکی دیموکراتیکدا کەبازاڕ ئازاد دەبێت. میوانێکی دیکە دەبووایە لەتورکیاوە بێت بەڵام لەمجیاتی ئەو جێگرەکەی بەناوی (شێرکۆ حەوەدت) دێت کەئێستا ڕاوێژکاری (RTI)ەو باسی (مبادیء العمل وحاکمیة القانون) دەکات، هەروەها (سوهەیب بەرزنجی) کە بەپرسی عێراقە لەڕێکخراوی سایپ لەواشنتۆن، مێنیش باسی ئەوە دەکەم کە چۆن پێشکەوتنی ئابووری بەشێکە لەمافی مرۆڤ و ڕۆڵیان لەسیستمی دیموکراتی عێراقی تازەدا.

*** ئێوە ماوەیەک بەر لەئێستا پەرلەمانی گەلی ئەجاتنتان پێکهێنا، ئایا ئێوە بەتەنیا بەردەوام بن لەپاڵپشتی کردنی ئەو جۆرە پەرلەمانە هیچ پرۆژەیەکی نوێتان لەبەر دەستدا هەیە بۆ دروستکردنی پەرلەمانی گەلی ئەجان؟**

– ڕێکخراوی (ASK) لەساڵی (١٩٩٨)ەوە بەچەند شێوەیەکی جیاجیا خزمەتی کوردستان دەکات، لەماوەی ئەم سێ ساڵەی ڕابردودا بەشێوەیەکی تایبەتی تەرکیزمان کردۆتە سەر گەنج، بۆ ئەوەی بتوانین شتی تازە بێنین بۆ کوردستانو بەردەوام بین لەسەری. پرۆژەی پەرلەمانی گەنجان پرۆژەیەکی تازەیەو لەحکومەتەوە تا پەرلەمانو میدیاو ڕێکخراوی گەنجانو قوتابیان پشتگیریان لێکرد، ئێمە بۆ ساڵی سێهەم پرۆژەی تایبەتیمان هەیە بۆ گەنج، حەز دەکەین گەنج ببینن تابن بەهێزێک لەکوردستان ڕۆڵیان هەبێت بۆ کارکردنی ڕای گشتی لەسەر بڕیاری سیاسی. بۆیە دەبێ کوردستانی تازاد لەمەودوا پشت بەوەو توانستە شارەکانی گەنجان ببەستێتو بەڕۆحیەتێکەوە هەڵسێت کە ئەم کوردستانە کوردستانی خۆیەتیو کاری بۆ بکات، لەبەر ئەوە دەبێ دامەزراوە حکومیو ناحکومییەکان ڕێگا بەگەنجان بدەن کەرۆڵی پێشەنگایەتی ببینێت.

ڕۆڵی ئاسک، ڕەنگە زۆر بچووک بێت، ئەو زەمینە سازییەی بۆ گەنج کردو ئەو پەیوەندییەی لەنێوان گەنجو حکومەتو پەرلەمان دروستکرد، ئومێد دەخوازین کە بەردەوام بین لەتەکان دان بەپرۆژەکانمان.

*** د.سەلاح عەزیز بەسیفەتی ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکانی لە نجومەنی شارەوانی شاری تالاهاسی پایتەختی وڵایەتی فلۆریدا لەئەمریکاو مۆنەسیقی بەرنامە ئەکادیمیەکان لەکۆلێژی ئەندازیاری لەزانکۆی فلۆریدا، بەحوکمی ئەو پێکەیەی خۆت چۆن لەسیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بەکورد دەڕوانێت؟**

– پاش ئەو گۆڕانکارییە سیاسیانەی لەعێراقو ناوچەکە ڕووباندا تەفاهومێکی باش بەدی دەکرێت لەنێوان ئیدارەی ئەمریکیو سەرکردایەتی کورددا. بۆیە چاوەڕێی هەڵوێستی ئیجابیتر لەئەمریکا دەکرێت بەرامبەر بەکورد!؟

*** بەڵام لەزۆر هەڵوێستی گرنگ و هەستیاردا شێوەیەک لەتەڤزات لەسیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر کورد بەدی دەکەین؟**

– کورد یارمەتی ئەمریکای دا بۆ ئامانجێک کەخۆی دەیویست بۆ چەند ساڵێک ئەویش ڕووخانی حکومەتی بەعدا. ئەو بەرهەمە لەساڵی ٢٠٠٣ ئەوە بوو، ئێستا بەرهەمی تازە ئەوەیە کەچۆن دەوڵەتێکی دیموکراتی فیدراڵی لەعێراق دروست بکرێت، ئەمەش دەوستێتە سەر پەیوەندی سەرکردایەتی کوردو ڕێبەرانی عەرەب لەعێراقدا.

*** دکتۆر بەپێی کۆنتاکتت لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکیو ڕۆژئاوەکانی ئەو وڵاتە لەخەیاڵی نیو کۆنسیرڤاتیڤەکانی ئەو وڵاتە شتێک بەدی دەکەیت بەتاوی ئەگەری دابەشبوونی عێراقو دروستکردنی ئەوارەیەکی کوردی سەربەخۆ لەڕۆژهەڵاتی ناوەندا، تایبەتە پەلانێک لەئەژێندا و ستراتیژیەتی سیاسی ئەو وڵاتە لەمەر ناوچەکە؟**

– تائێستا ئاماژەیەکی وام لەلایەن سەرانی ئەمریکیەوە بەدی نەکردووە بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، بەڵام دابەشبوونی عێراق بیرۆکەیەکی کۆنەو تازە نییە. لەبەر ئەوە ئەگەر بەشێوەیەکی ڕەسمی باس بکرێت ئەحکومەتی ئەمریکیو ئەسەرکردایەتی کوردیو قیادەی عەرەبی باسی ئاکا. بەڵام تیۆریستەکانو نووسەرانو میدیای ئەمریکیو خەڵک تازانە چی دەنووسێت.

پاش ئەو گۆڕانکارییە سیاسیانەی لەعێراقو ناوچەکە ڕووباندا تەفاهومێکی باش بەدی دەکرێت لەنێوان ئیدارەی ئەمریکیو سەرکردایەتی کوردا